# داوا دەکرێ کچانی قوتابی دروشمی (نا بۆ بەفیڕۆدانی کات، بەڵێ بۆ ئایندەیەکی گەش) هەڵبگرن



**هەموو ساڵێک لە وەرزی هاویندا دەرگەی قوتابخانە و زانکۆکان لە هەرێمی کوردستان دادەخرێن و پشووی خوێندن دەست پێ دەکات. مامۆستایان و دایک و باوکی قوتابیانیش بەردەوام ئامۆژگارییان دەکەن کە لە کاتی پشووی هاوینەدا کاتەکانیان بەفیڕۆ نەدەن و بۆ پێگەیاندنی زیاتری خۆیان سوودی تەواوی لێ وەربگرن. ئەو مامۆستایەکی زانکۆش پێشنیار دەکات قوتابیان دروشمی (نا بۆ بەفیڕۆدانی کات. بەڵێ بۆ ئایندەیەکی گەش) هەڵبگرن. ئەگەرچی لە پشووی هاویندا قوتابیانی کچ و کوڕ وەک یەک و بۆ ماوەیەکی کاتی لە خوێندن دادەبڕین، بەڵام هەرکامیان بەتایبەتمەندیی خۆیانەوە پشووی هاوێنە بەڕێ دەکەن. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان، وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە کە چۆن دەکرێ کچانی قوتابی لە پشووی هاویندا سوود لە پشووەکەیان وەربگرن و بە وەبەرهێنانی تواناکانیان سوود بە خۆیان و کۆمەڵگەکەیان بگەیەنێن؟**

■ گوڵان: کۆمەڵایەتی

د. نادیە تەڵعەت مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە چۆن دەکرێ کچانی قوتابی لە پشووی هاویندا سوود لە پشووەکەیان وەربگرن و بە وەبەرهێنانی تواناکانیان سوود بە خۆیان و کۆمەڵگەکەیان بگەیەنێن؟ دەڵێت: «ئێمە هەموومان دەزانین کە کات لە وەرزی هاویندا درێژتر دەبێت و پشووی قوتابیانیش لەو وەرزەدایە، بۆیە یەکەم پرسیار کە رووبەڕووی کچە گوڵە جوانەکانمان دەبێتەوە، ئەوەیە کە ئایا چۆن کاتی خۆیان بەسەر بەرن و بە چی سەرقاڵ بن لەم وەرزەدا، بەتایبەتی لەو ماوەیەدا کە دەرگای قوتابخانە و زانکۆکان دادەخرێن. بۆ ئەوەی کچە گوڵە جوانەکانمان لە ژاوەژاوی ژیان و دڵەڕاوکێ و بیرکردنەوەی نامەعقوولانە دوور بکەونەوە، پێموایە زۆر پێویستە مامۆستا بەڕێزەکان هەموو ساڵێك دوای تەواوبوونی خوێندن لە وەرزی زستاندا ئامۆژگارییان بکەن کە سوودێکی تەواو لە کاتی پشووی هاوین وەربگرن، منیش بە پێی ئەوەی مامۆستای زانکۆم هەموو ساڵێك ئەو کارم کردووە، بۆ ئەوەی کچە ئازیزەکانمان لە هاویندا کاتی خۆیان بەفیڕۆ نەدەن و بە پلانێکی داڕێژدراو بیرکردنەوەیەکی ژیرانە و عاقڵانە و سیستەمێکی دیارکراو بتوانن سوودی تەواو لە کاتەکانی ئەم وەرزە وەربگرن. بۆ نموونە بەشداریکردنیان لە خولی فێربوونی زمانی ئینگلیزی و کۆمپیوتەر و بەرنامە جۆراوجۆرەکانی و بەشداریکردن لە خولی فێربوونی دروومانی جلوبەرگ و ئارایشتگە و سەرەڕای بەشداری لە هۆڵەکانی وەرزش بۆ ئەوەی ئاگاداری تەندروستیی خۆیان بن. هەروەها زۆر گرینگە کچە گوڵە جوانەکانمان بە دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان کات و بەدیهێنانی حەز و ئاواتەکانیان و وەبەرهێنانی تواناکانی خۆیان و بەفیڕۆنەدانی کات ئاشنا بکەین، بۆیە دەبێت هەموو مرۆڤێك بۆ سەرکەوتن لە گشت قۆناغەکانی ژیان هەڵگری دروشمی (نا بۆ بەفیڕۆدانی کات. بەڵێ بۆ ئایندەیەکی گەش) بێت، بەتایبەتی کچان بۆ ئەوەی بتوانن شان بە شانی کوڕان ئایندەیەکی گەشیان هەبێت.

شێرزاد محەمەد پیرمووسا، سەرۆکی (رێکخراوی ئەلەند)ـە کە رێکخراوەکەی کار بۆ چەسپاندنی دیموکراسی و دەستەبەری داهاتوویەکی گەش بۆ گەنجان دەکات، لە وەڵامی پرسیاری راپۆرتەکەشدا بەمجۆرە رای خۆی دەردەبڕێت: «ئێمە گەر تەمشای دۆخی کچان بکەین، دەبینین رێژەکی زوری ئەوانەی خوێندنیان بەجێ هێشتووە، کچن. ئەگەر سەیری رێژەی نەخوێندەواریش بکەین، کە دەتوانین بە ئاسانی پۆلینیان بکەین، دەبینین دیسان رێژەی هەرە زۆری ئافرەتن. بەداخەوە زۆربەشیان لە خوێندن بێبەش کراون و ئەوەش بە خواستی خۆیان نەبووە، هەندێکیشیان رایانوایە کە تەمەنیان گونجاو نییە بۆ خوێندن، بەڵام دەبێت حکومەت وەزارەتی پەروەردە و رێکخراوەکانی NGO و رێکخراوەکانی نێودەوڵەتی هەموویان کار بکەن بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری، بەتایبەتی لەنێو گەنجانی کچ بۆ ئەوەی بتوانن لایەنی زانستی و دەروونی و مەعریفی خۆیان بەهێز بکەن و دوارۆژێکی گەشیان هەبێت. سەبارەت بە پشووی هاوینەش، دیارە وەك دەبینین هەر قوتابییەك خەون و ئارەزووی خۆی هەیە، لە بواری هونەر، وەرزش، خولی فێربوونی کاری ئارایشتگە، یان خولی زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و کۆمپیوتەر و .. هتد، بۆیە پێویستە حکومەت و ئێمەش وەك رێکخراو و سەنتەرەکان هەموو پێکەوە هەوڵ بدەین، توانای کچان بەرز بکەینەوە و خول و راهێنانیان بۆ بکەینەوە و چالاکی جوراوجوریان بۆ ئەنجام بدەین، هەروەها پێویستە گەشتی زانستی و گەشتی ناسینی دامەزراوەکان و ناوچەکانیان بۆ دابین بکەین، هەتا بزانن حکومەت و پەرلەمان و دامەزراوەکانی حکوومی وەك زانکۆ و پەیمانگەکان و دەزگای ژینگە و دامەزراوە

■ **پێویستە کچە ئازیزەکانمان لە هاویندا کاتی خۆیان بەفیڕۆ نەدەن و بە پلانێکی داڕێژدراو بیرکردنەوەیەکی ژیرانە و عاقڵانە و سیستەمێکی دیارکراو بتوانن سوودی تەواو لە کاتەکانی ئەم وەرزە وەربگرن**

■ **قوتابیان بەگشتی و کچان بەتایبەتی دەبێت ئاسانکارییان بۆ بکرێت بۆ ئەوەی لە پشووی هاوین سوود لەو ناوەندانە هەر ناوەندێکی فێرکاری و مەشق و راهێنان وەربگرن**

■ **تا ئێستاش جیاوازی لە نێوان کچان و کوڕاندا دەکرێ و پیاوان هەر بە پلە یەک و ئافرەتان بە پلە دوو دادەنرێن، پێویستە ئەو قۆناغە تێپەڕێنین**

**پێویستە حکومەت و ئێمەش وەک ڕێکخراو و سەنتەرەکان هەموو پێکەوە هەوڵ بدەین، توانای کچان بەرز بکەینەوە و خول و ڕاهێنانیان بۆ بکەینەوە و چالاکی جوراوجوریان بۆ ئەنجام بدەین**

**دەبێت هەموو مرۆڤێک بۆ سەرکەوتن لە گشت قۆناغەکانی ژیان هەڵگری دروشمی (نا بۆ بەفیڕۆدانی کات. بەڵێ بۆ ئایندەیەکی گەش) بێت، بەتایبەتی کچان بۆ ئەوەی بتوانن شان بە شانی کوڕان ئایندەیەکی گەشیان هەبێت**

**زۆر گرینگە کچە گوڵە جوانەکانمان بە دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان کات و بەدیهێنانی حەز و ئاواتەکانیان و وەبەرهێنانی تواناکانی خۆیان و بەفیڕۆنەدانی کات ئاشنا بکەین**

ناحکومییەکان چین و ئەرکیان چییە و مافی مرۆڤ چییە. ئەو چالاکییانە دەبێتە هاندەر و یارمەتیدەرێك بۆ قوتابی هەتا ببێتە کەسێکی خاوەن زانست، دەبێت کچان بە زانستە مرۆییەکان و گەشەپێدانی مرۆیی و کارکردنی خۆبەخشانە و بەتایبەتی ڕێکاری دروستکردنی کەسایەتیی بەهێز و بەتوانا ئاشنا بکرێن.»

فرمێسك مستەفا، وەك کەسایەتییەکی ئەکادیمی و شانۆکار سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «زانستی پەروەردەیی و بەخێوکردن و فێرکردن و پێگەیاندن لە خێزانەوە دەست پێ دەکات، ئینجا ئەرکی بەشەکەی دیکەی ئەم چەمکە دەکەوێتە ئەستۆی دامودەزگا پەروەردەییەکان بەهەموو قۆناغەکانی خوێندن و فێرکردنەوە، کە لە کۆتاییدا ڕەنگدانەوەی لەسەر کۆمەڵگە دەبێت، هەروەها هەر کۆمەڵگەیەك کچی ئازاد و سەربەخۆ و خاوەن داهات و وەبەرهێنی بهێنێتە بەرهەم، داهاتووی ئەو کۆمەڵگەیە بەرەو ئاستێکی بەرزی یەکسانیخوازی و شارستانی دەچێت.» جەختی لەوەش کردەوە کە «ئەو کۆمەڵگەیانەی کچان تێیدا ژێردەستەو کۆیلە و بێ مافن و وەك مرۆڤێکی لاواز دەهێندرێنە بەرهەم، کۆمەڵگەیەکی شەڕانگێز و نادادپەروەری لێ دەخوڵقێت.»

فرمێسك مستەفا جەخت لەوە دەکاتەوە «کچ بەو خەسڵەتە خۆڕسك و سرووشتییەی خۆیەوە، کە میهرەبانە و کابانی ماڵە و دایکە و ئەرکی بەخێوکردن و پەروەردە دەچێتە سەرشانی، ئەو توانایەی هەیە کە ئەو خەسڵەتە سرووشتییانەی لە کارێکدا کە خۆی تێیدا بەهرەمەندە بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدات.» گوتیشی: «کچان بۆ ئەوەی سەرپەرشتێکی نموونەیی بن بۆ پەروەردەی خێزان و لە داهاتوودا دایکێکی باش بن بۆ منداڵەکانیان، هەمیشە پێویستیان بە فێربوونە، بۆیە لەو چوارچێوە و ژینگەیەی کە تێیدا دەژین، بەردەوام هەوڵی فێربوون دەدەن، ئەو پرۆسەی خواستە بۆ فێربوون تەنانەت لە لای ژنانی ماڵەوەش بەردەوامە، گومانیش لەوەدا نەماوە کە ڕادەی فێربوون لای کچ لە قۆناغی نوجەوانیدا خێراتر و پتەوترە لە کوڕ، بەڵام زۆربەی خێزانەکان ئەو توانایانە سنووردار دەکەن و کۆمەڵگەش ئەو لووتبەرزییەی داوەتە نێرینە کە بەردەوام ڕێگری بۆ دروست بکات. بۆیە زۆر پێویستە لە پشووی هاوینەی قوتابخانە و زانکۆکان کاری هەمەلایەن بکرێت بۆ ئەوەی تواناکانی کچان گەشە بکات بۆ ئەوەی بتوانن لە کاری دەرەوەی ماڵ و لە ئاستی کاروباری ئیداری و چالاکیی مەدەنی و سیاسیش ڕۆڵی کاریگەریان هەبێت.»

ڕۆژنامەنووس زامدار ئەحمەد، سەرەتا بە پێویستی دەزانێت لەسەر بنەماڵە و خێزانی تاکی کورد قسە بکات و هاوکات دەڵێت: «بەداخەوە تائێستاش لە زۆربەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان ئەم مێنتەڵێتییە و ئەم هزرە هەرماوە و تا ئێستاش جیاوازی لە نێوان کچان و کوڕاندا دەکرێ و پیاوان هەر بە پلە یەك و ئافرەتان بە پلە دوو دادەنرێن، پێویستە ئەو قۆناغە تێپەڕێنین.» جەختی لەوەش کردەوە کە «بێگومان تاوەکو خێزانێکی هۆشیار و زرنگ بوونی نەبێ، منداڵەکان چ کوڕ، چ کچ ناتوانن ئەو ڕۆڵ و نەخشەیان بۆ داهاتوو هەبێت.» گوتیشی: «ئەگەر سەیری وڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیا بکەین، دەبینین ئەوان سەدان ساڵە ئەو قۆناغەیان تێپەڕاندووە، ئەوان ساڵانە بە درێژایی ساڵ چەندین خولی ڕاهێنانی تایبەت بۆ منداڵان دەکەنەوە و ئایندەیان ڕووناك دەکەن. ئەوان کار لەسەر ئەوە دەکەن کە تاکێکی هۆشیار و درك کردوو بە ڕووداوەکان پێبگەینن کە لانیکەم ڕاست و چەچ و جوان و ناشیرین دۆست و دوژمن لەیەکتر جیابکاتەوە، چونکە منداڵان بونیادنەر و ئایندەی وڵاتن، بۆیە دەکرێ تاکێك بێتە بەرهەم کە ڕوانین و دیدگای فراوان بێت و دنیا لە سووچی ماڵەوە و گەڕەکەکەی خۆیەوە نەبینێ، بەڵکو جیهان بە مانا فراوانەکەی ببینێ. دواجار پێویستە دایك و باوك و مامۆستایان ئەو وەعیەیان لادروست بێت و ئایندەیەکی باش بۆ منداڵەکان بونیاد بنێن، بەتایبەت بۆ کچان، چونکە وڵاتە دراوسێکانیشمان تاوەکو ئەمڕۆ بەو دەردەوە دەناڵێنن و جیاوازییەکی زۆر لە نێوان کوڕ و کچان دەکەن، بەڵام ناکرێ ئەوە لەبیر بکەین کە کچان ئەگەر ڕێگەیان پێ بدرێ توانایان زۆر زۆرە، نموونەی بەنازیر بۆتۆ کە خانمێکی بەتواناو لە وڵاتێکی پڕ کێشە توانی ئەرکەکەی سەرکەوتووانە ڕاپەڕێنێ، هەروەها مەلالە یوسفزای توانی ڕووبەڕووی مەرگ ببێتەوە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکەی و لە جیهاندا ناو و ناوبانگێکی باشی هەیە، لە ناو کوردیشدا ئافرەتی لێهاتوو و بوێرمان زۆرە، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کاریگەری و هاوکاری و پاڵپشتیی خێزان بۆ کچ زۆر پێویستە و ئەو خانمانەی گەیشتوونەتە ئامانج و مەبەستەکانیان و لەناو کۆمەڵگەدا دیارن، بە دڵنیاییەوە خێزان و مامۆستاکانیان پاڵپشت و یارمەتیدەریان بوون، بۆیە توانیویانە بۆ خۆیان و بنەماڵە و نەتەوەکەیان سەروەرییەك تۆماربکەن.» ئەوشی دوویات کردەوە کە «ئێستا جیاواز لە رابردوو دەرفەت لەبارترە بۆ پێگەیاندنی کچان و دەوڵەمەندکردنیان بە عیلم و مەعریفە، لە ئێستادا خولی جیاواز لەسەر هەموو ئاستەکان لەسەردەستی پسپۆڕ و وانەبێژی شارەزا کراونەتەوە کە لە دەرەوەی وڵات خولیان بینیوە، جگە لەوەی چەندان سەنتەر و ناوەندی ئەکادیمی بۆ فێربوونی زمان کراونەتەوە، لە کاتێکدا ئەمڕۆکە زمان بە فاکتەرێکی زۆر گرنگ دادەنرێت. بۆیە قوتابیان بەگشتی و کچان بەتایبەتی دەبێت ئاسانکارییان بۆ بکرێت بۆ ئەوەی لە پشووی هاوین سوود لەو ناوەندانە هەر ناوەندێکی فێرکاری و مەشق و ڕاهێنان وەربگرن.

# تۆمەت هەڵبەستن و ناوزڕاندنی خانمانی کاندید ئیدانە دەکرێت

سووکایەتیکردن، ناوزڕاندن، تۆمەت هەڵبەستن و ساختەکاری لە دژی هەر کەس و لایەنێک، بە پێچەوانەی بەهاکانی مرۆڤایەتییە و لە هەموو کۆمەڵگەیدا ڕێپێدراو نییە و بە توندی ئیدانیە دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر جار ئەو کردەوە نەشیاوانە لە حاڵەت دەردەچن و دەبن بە دیاردە، بەتایبەتی لە وڵاتانی دواکەوتوودا کە زیاتر لە دژی ئافرەتان ئەو تاوانانە ئەنجام دەدرێن، کە هەندێ جار تەنانەت کوشتنی ئافرەتیشی لێکەوتووەتەوە. تاوانی لەو جۆرە لە رووی شەرعییەوە بە گوناهی گەورە هەژمار دەکرێت و لە رووی یاساییەوە سزای قورسی هەیە، بەڵام هەندێ کەس بە ناوی ساختە و بە ئامانجی شکاندنی کەسایەتیی ئافرەتان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کرداری وا قیزەون ئەنجام دەدەن، لە کاتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنی ئەمجارەی کاندیدەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش چەندین حاڵەتی وا لە هەرێمی کوردستان و لە دژی خانمانی پاڵێوراو روویان دا. هەر لەوبارەیەوە بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گۆڤاری گوڵان راوبۆچوونی خۆیان دەخەنەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



سەرەتا کۆسار کەریم ئەندامی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان، هێما بۆ ئەوە دەکات کە لەگەڵ دەستپێکی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان سەردانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراقیان لە هەرێمی کوردستان کردووە، بۆ ئەوەی رەوشی بەشداربوونی ئافرەتان لە دەنگدان و دۆخی کاندیدانی ژن لە سەر ئاستی هەرێم تاوتوێ بکەن. هاوکات دەڵێت: «لە سەر ئاستی هەرێم ١٤٦ ئافرەتی کاندیدمان هەبوو، پێش هەموو کارێك بە ئامانجی رێگری لە تەشهیر بەیاننامەیەکمان بڵاوکردەوە و ئیدانەی هەر جۆرە ناوزڕاندنێکمان کرد، پاشان لەگەڵ سەرۆکایەتیی داواکاری گشتی کۆبوونەوەیەکمان ئەنجام دا و ئەوانیش بە هەمان شێوە لە رووی یاساییەوە بەیاننامەیەکیان وەك سەرۆکایەتیی داواکاری گشتی بڵاو کردەوەو داواشمان کرد هەر پێشێلکارییەك تۆمار بکرێت، بەڵام تا ئێستا هیچ سکاڵایەك تۆمار نەکراوە.» جەختی لەوەش کردەوە کە «پێویستە بۆ بەرگرتن لەم دیاردەیە سەرکردایەتیی حزبەکان خۆیان راستەوخۆ بەرنگاری ببنەوە، ئەوەش گەورەترین کاریگەری دەبێت لە سەر کۆمەڵگە بۆ رێگەگرتن لەو دیاردە قیزەونە و رێگری لە دووبارەبوونەوەی دەکات.» گوتیشی: «تەنیا لە سۆشیال میدیا بە ناوی خوارزراو و پەیجی نافەرمییەوە ئەو گرتە ڤیدیۆیی و وێنەیانە دروست دەکرێن و بڵاوی دەکەنەوە، بۆیە دەکرێت لە رێگەی فەیسبووکەوە داوای داخستنی ئەو پەیج و ئەکاوتانە بکرێت، هەروەها ئاسایشی پارێزگاکان دەتوانن بە هەمان شێوە کاری جددی لەسەر بکەن، هەتا ئەو جۆرە کەسانە دەستنیشان بکرێن و بە سزای یاسایی بگەن.

عارف روشدی راوێژکاری پارتی دیموکراتی کوردستان، رایوایە «ئەو هەڵسوکەوتە نەشیاوە بەرامبەر بە ئافرەتان، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زاڵبوونی تێروانینی نەرێنی لە ئاست ئافرەتدا، هاوکات دەڵێت: «هێشتا توێژێکی گەورەی کۆمەڵگە بە چاوێکی نزم ئافرەت دەبینێ، واتە ناتوانێت ئەوە پەسند بکات، کە ئافرەت خاوەن تواناو لێهاتووییە، ئەگەر بێت و یەکسان بکرێت لە گەڵ رەگەزی بەرامبەریدا، بەڵام لە واقیعدا ئافرەت دەتوانێ لە زورێك لە بوارەکاندا لە پیاو سەرکەوتووتر بێت.» نموونەشی بەوە هێناوە کە ئافرەتانی کوردستان لە بواری فێرکاری، پزیشکی، بەڕێوەبردن، تەنانەت لە کارکردن لە کێڵگە و کارگەکان و بگرە لە بوارەکانی سەربازی و ئاسایشیشدا توانیویانە پەل بهاوێژن بۆ کارکردن.» گوتیشی: «گرنگە بۆ نەهێشتنی ئەو هەڵسوکەوتانە، ئافرەتان سڵ نەکەنەوە لە بەردەوامبوونیان لە کارکردن و کارە قیزەوەنەکانی کەسانی نەزان رێگر نەبێت و نەبێتە لەمپەر لە بەردەم رێگای پێشکەوتنەکانیاندا، هەروەها پێویستە داواکاری گشتی و دادگاکان هەموو ئەو یاسایانەی کە رێگرن لە چەوساندنەوەی ئافرەت کارا بکەنەوەو بە یاسا مامەڵە لەگەڵ هەر پێشێلکارییەکی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی، بەرامبەر بە ئافرەتان بکرێت. رێکخراوەکانی تایبەتمەند بە کاروباری ئافرەتان دەبێت شێلگیرانە لە کێشە رەواکانی ئافرەتان پشتیوانی بکەن و لە رێگای دادگاکانەوە سنوورێك بۆ توندوتیژی و زیادەڕوەییەکان دابنێن. هەروەها زور گرنگە لە خوێندنگەکاندا مەسەلەی مافی مرۆڤ بەگشتی و مەسەلەی یەکسانیخوازیی رەگەزی بەتایبەتی وەك بابەتێکی بنەڕەتی بخوێندرێت.»

تەرزە محەمەد کارگێڕی لیژنەی ناوچەی ناوەندە ئەکادیمییەکان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «نیوەی کۆمەڵگە ئافرەتەو نیوەکەی تریشی پەروەردەی دەستی ئافرەتە، کەواتا مرۆڤە مەزنەکان ئافرەتن. لەهەر وڵات و کۆمەڵگەیەکیش بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە کۆمەڵێك یاسا و پێوانە دانراون، کە پێویستە پێیانەوە پابەندبن. لە سەرجەم ئایینە ئاسمانییەکان و لە هەر وڵاتێکی گۆی زەویدا گرنگی بە مرۆڤ دراوە، دواجار ئافرەتیش مرۆڤە شان بە شانی پیاو.» هاوکات ئاماژە بە وتەیەکی رۆژهەڵاتناسی رووسی (مینۆرسکی ) دەکات کە گوتوویەتی: «کورد لە هەموو میللەتانی ئیسلامی و دراوسێی خۆی لێبووردەترە بەرامبەر ئافرەت». هاوکات جەخت لەوە دەکاتەوە کە مانای لێبوردەیی بەرامبەر بە ئافرەت لە وتەکەی رۆژهەڵاتناسی رووسی، بەو مانایە بووە کە ئافرەت بواری رادەربڕینی هەبووە و پێگەی شایستەی خۆی پێدراوە.» گوتیشی: «ئەگەر ئێستا لە گەڵ سەدەی رابردوو بەراورد بکەین، دەبینین ئافرەت رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە ناو کۆمەڵگەدا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك،

**لە سەر ئاستی هەرێم ١٤٦ ئافرەتی کاندیدمان هەبوو، پێش هەموو کارێك بە ئامانجی رێگری لە تەشهیر بەیاننامەیەکمان بڵاوکردەوە و ئیدانەی هەر جۆرە ناوزڕاندنێکمان کرد**

**پێویستە بۆ بەرگرتن لەم دیاردەیە سەرکردایەتیی حزبەکان خۆیان راستەوخۆ بەرنگاری ببنەوە، ئەوەش گەورەترین کاریگەری دەبێت لە سەر کۆمەڵگە بۆ رێگەگرتن لەو دیاردە قیزەونە و رێگری لە دووبارەبوونەوەی دەکات**

**تەنیا لە سۆشیال میدیا بە ناوی خوارزراو و پەیجی نافەرمییەوە ئەو گرتە ڤیدیۆیی و وێنەیانە دروست دەکرێن و بڵاوی دەکەنەوە، بۆیە دەکرێت لە رێگەی فەیسبووکەوە داوای داخستنی ئەو پەیج و ئەکاوتانە بکرێت**

لەوانە: ئەو ئازادییەی کە لە دوای راپەڕینەوە هاتۆتەئاراوە، هەروەها دەرچوونی چەند یاسایەك کە ماف بە ژنان دەدات بەشداری لە پرۆسەی سیاسی و دیموکراسیدا بکەن. هەروەها بەرزبوونەوەی ئاستی رۆشنبیریی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی گشتی. بۆیە دەکرێ بڵێین: بەشداریی ئافرەتانی باشووری کوردستان لە نێو پرۆسەی سیاسی لە زۆرێك لە وڵاتانی عەرەبی و وڵاتانی دراوسێ زیاتر و بەرچاوترە. هێشتا لە هەندێ وڵات تەنیا یەك ئافرەتیش لە ناو پەرلەمانەکان بەدی ناکرێ، کەچی لە پەرلەمانی کوردستان رێژەی ٣٠٪ی بۆ ئافرەت تەرخان کراوە، لە ئاستی سەرکردایەتیی حزبە کوردستانییەکانیش رێژەیەکی باش لە ئافرەت هەیە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو پێشکەوتنانە هێشتا بەشداریی ئافرەت لە ناوەندە سیاسییەکان و ناوەندە باڵاکانی بڕیاردان وەك پێویست نییە، ئەمەش هۆکارێکی لەپشتە، ئەویش ئەوەیە کە هەموو حزبە کوردستانییەکان لە پەیڕەو و پرۆگرامی خۆیاندا بایەخێکی زۆر بە ژنان دەدەن، بەڵام لە رووی پراکتیکییەوە جێبەجێی ناکەن. جیا لەوەش لە کۆمەڵگەی کوردەواری کە بەشێکە لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆیە زیاتر لە فاکتەرێك رێگر بووە لەوەی ئافرەتان رۆڵی بەرچاوی خۆیان لە سیاسەت و کۆمەڵگەدا بگێڕن. تا ئێستاش کەلتوور و داب و نەریت کاریگەرییەکی زۆری لەسەر تێڕوانین و بیرکردنەوەی تاکی کورد هەیە و هێشتا بە چاوی مرۆڤێکی خاوەن ماف و شایستە تەماشای ئافرەت ناکرێ، خودی ئافرەتانیش بێ کەموکوڕی نین، هێشتا ئافرەتی کورد وەك پێویست نەهاتۆتە ناو مەیدانی سیاسەت و ئەوەشی هاتووە بە ترس و نیگەرانییەوە هاتۆتە ناو پرۆسەی سیاسەت، ئافرەت نیوەی دەنگەکانی هەیە لە هەڵبژاردن، بەڵام هێشتا هەر بە کۆتا لە هەڵبژاردنەکان سەردەکەون، زۆرجار کاندید دەست ناکەوێت بۆ خولەکانی هەڵبژاردن. مانای وایە ئافرەتان خۆشیان ئەو ئامادەییەیان تێدا نییە و هاوکاری یەکتر ناکەن.»

ئەو خاتوونە هەڵسووڕە سیاسییە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە «بە چەندین شێوازی جۆراوجۆر توندوتیژی دەرهەق بە ئافرەت دەکرێت، بۆیە دەبێت چاودێری و پاراستنی ماف و مافدارییان زیاتر لەبەرچاو بگیرێت، چونکە پاراستنی کەرامەت و دەروونییەتی ئافرەت ئەرکی دەوڵەت و یاسایە و دەبێت سنوورێك و بۆ شکاندنی پیرۆزیی هەر ئافرەتێك دابنرێت.» سەبارەت بەو دیاردە ناشارستانییەش لە کە بانگەشەی هەڵبژاردندا لە دژی کاندیدی خانم ئەنجام درا، دەڵێت: «لەناو کۆمەڵگەی کوردی دیاردەیەکی باو هەیە کە زۆر بە زەقی هەستی پێدەکرێت و خەڵکی بە ئاشکرا دەیبینێت، بەتایبەتی لە کاتی بانگەشەدا، ئەویش ئەوەیە کە هەمیشە بۆ پێگەیاندنی کەسێك، هەوڵی شکاندنی کەسێکی دیکە دەدرێت. بەداخەوە کاندیدە ئافرەتەکانیشمان زیاتر دەکرێنە ئامانج، چونکە وشیاریی تاك و کۆمەڵگە نەگەیشتۆتە ئاستێکی باڵا و تەشەنەی نەکردووە.» گوتیشی: «شکاندنی ئافرەت لەپێناو بەدەستهێنانی دەنگ، ئەمە جگە لەوەی مایەی بێدەسەڵاتی و قبووڵ نەکردنی دیموکراسی و هاوبەشیی ئافرەتە لەکایەی سیاسیدا، دوورە لە هەموو بەهایەکی ئەخلاقی و دەبێت بە جددی رێگری لێ بکرێت. هەموو کاندیدێك لەکاتی هەڵبژاردندا بە متمانەی تەواو دەیەوێ توانای خۆی بسەلمێنێ لە خزمەتکردن و ئەو ئەرك و بەرپرسیاریەتییەی دەکەوێتە ئەستۆی، گرنگە دەنگدەریش بە پێی قەناعەتی خۆی بە بەڵێن و توانای ئەم کاندیدانە بڕیار بدات. ئیشی ئێمە وەك دەنگدەر خوێندنەوەیەکی دروستە بۆ ئەو بەڕێزەی دەیەوێ نوێنەرایەتی ئێمە بکات، کە چۆن دەتوانێ بەرگری لە ماف و داخوازیی میللەت بکات؟ بەڵام بەداخەوە لەبری هەڵسەنگاندنی رۆڵی ئەوان و خوێندنەوەیەکی واقیعییانە تا تەواوبوونی بانگەشەی هەڵبژاردن، بەردەوام بێڕێزی و سووکایەتی بە کاندید و لیست و قەوارە سیاسییەکان دەکرێت. دڵنیام بە بێڕێزیکردن بەرامبەر یەکتر و شکاندی کەسێك، ناتوانین کەسێك پێ بگەیەنین. ئامانجی ئێمە شکاندنی بەربەستی ماف و داواکارییەکانمانە بە لێهاتوویی و شارەزایی و بە بەهێزیی ئەو کەسەی کە نوێنەرایەتی ئێمە دەکات، نەك چەواشەکردن و خۆڵکردنە چاوی خەڵك لە پێناو بەدەستهێنانی بەرژەوەندیی تایبەت. بۆیە ئێمەی کوردیش دەبێت هەوڵی زۆر جددی بدەین هەتا بتوانین نموونەیەکی جوان لە بانگەشەکانی هەڵبژاردن پێشانی جیهان بدەین.»

**ئاسایشی پارێزگاکان دەتوانن به هەمان شێوە کاری جددی لەسەر بکەن، هەتا ئەو جۆرە کەسانە دەستنیشان بکرێن و بە سزای یاسایی بگەن**

**شکاندنی ئافرەت لە پێناو بەدەستهێنانی دەنگ، ئەمە جگە لەوەی مایەی بێدەسەڵاتی و قبووڵ نەکردنی دیموکراسی و هاوبەشیی ئافرەتە لەکایەی سیاسیدا، دوورە لە هەموو بەهایەکی ئەخلاقی و دەبێت بە جددی رێگری لێ بکرێت**

**تا ئێستاش کەلتوور و داب و نەریت کاریگەرییەکی زۆری لە سەر تێڕوانین و بیرکردنەوەی تاکی کورد هەیە و هێشتا بە چاوی مرۆڤێکی خاوەن ماف و شایستە تەماشای ئافرەت ناکرێ**